

# چرپەی داپیرە

ئەم بەیانیە، منداڵانی گەڕەك بەئێنیان دامێ، هەرکاتێ لە ئیش و کارەکانی خۆیان بوونەوە، بێن بۆ یارمەتی دانی من و گلۆڵە خوریم بۆ هەڵکەن. هێشتا کەس دیار نەبوو، کاڵێ گەیشتە سەرم، لە تەنیشتمەوە دانیشت و دەستیکرد بە قسەکردن: داپیرە گیان، تۆزێکی تر ئەچم وانەی بیرکاری بە خەتێکی جوان ئەنووسمەوە و نایەڵم پەڕەکە پیس بێت با زۆر باشە وەرگرم، ئنجا کەتەواو بووم، بیرکارییەکە ئەخەمەوە ناو جانتاکە و کوردییەکە دەرئەهێنم، ئنجا... بەنەرمی قسەکەم پێ بڕی و پێم وت: باشە کاڵێ گیان، ئەگەر زوو دەست پێ نەکەی، فریای ئەم هەموو ئیشە ناکەوی؟ نەیهێشت قسەکەم تەواوکەم، دەستی پێ کردەوە: ئەی چۆن داپیرە، دوای ئەوەی لە کوردی و بیرکاری ئەبمەوە، ئنجا دەست ئەکەم بە شتێکی تر. خەمت نەبێ، بەخوا ئەبێ پێش هەمو[illegible]ڕمەوە لات و گلۆڵە خوریت بۆ هەڵکەم، بزانە من گلۆڵەی زۆرت بۆ هەڵئەکەم یا ئەوان. ئەبێ گلۆڵەکان ئەوەنە توندوتۆڵ هەڵکەم، ئنجا نیە... کاڵێ لە گەرمەی قسەکردندا بوو، منداڵان هاتنە ژوورەوە و وتیان: داپیرە، ئێمە لەئیشەکانی خۆمان بوینەوە، ئنجا نۆرەی گلۆڵە هەڵکردنە. کە منداڵان دەستیان کرد بە گلۆڵە هەڵکردن، کاڵێش بەشەرمەوە دەستی درێژ کرد گلۆڵە خوری هەڵبکات. دەستیم گرت و بەڕویەکی خۆشەوە پێم وت: کاڵێ گیان، تۆ ئیشت زۆرە، بڕۆ بەلای ئیشەکانی خۆتەوە! دیار بوو زۆر پەشیمان بوو، بەدەنگێکی نزم پێی وتم: چاك خۆم لە ئیشەکانم دزییەوە. خوری بەشی من هەڵگرە، سبەینێ تا ئیشەکانم تەواو نەکەم نایەم بۆ لات.

سەرنووسەر

وێنەی بەرگ: سالیر بەدری

پەپوولە: گۆڤارێکی رۆشنبیری ـ پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. سەرنووسەر: یاسین قادر زرگوێزی. دەستەی نووسەران: ئەحمەد محەممەد، نەریمان عوسمان. بەشی هونەری: سالیر بەدری. هەڵسووڕێنەری چاپ: ئەمیر بەکر قەساب، گارزان محەممەد رەمزی، فەرهاد ئەحمەد. سەرپەرشتی کۆمپیوتەر: ئالان عەلی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی (٣٠٠٠) دانە بڵاودەکرێتەوە. فەرزو مۆنتاژی کۆمپیوتەریی لە لایەن گۆڤارەکەوە دەکرێت و چاپکردنی لە نووسینگەی دلێرە. نرخی (٣) دینارە. ناونیشان: کوردستان ـ سلێمانی ـ بینای خاكTV. تەلەفۆن (٣١٢٤١٢٤) یان (٣١٣٠١٠٠).

PAPOOLA: MONTHLY CULTURAL & EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE. ISSUED BY: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
No. 62-December, 2002. E-Mail: Ksc @ Ksc-Kcf.org & Internet: www.khakTV.net